https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.17

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# هەرێمی کوردستان و سوریا: کێشەزای پەیوەندییەکان (١٩٩٢-٢٠٢٠)

**د. زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەد**
zubir.ahmed@su.edu.krd

**زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان**

**م. ی. ژیلیا شێرزاد اسماعیل**
jeelea.ismail@su.edu.krd

**زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان**

**پوختە**

سوریا بێجگە لەوەی پەیوەندییەکی سیاسی و ئەمنی و جیۆگرافی بە هەرێمی کوردستانی دەبەستێتەوە، هەمیشە وەک ئەکتەرێکی هەرێمیی چالاکیش کاریگەریی هەبووە لەسەر بزوتنەوە سیاسیەکانی کورد لە گشت بەشەکانی کوردستاندا. ئەم توێژینەوەیە بە دوای تاوتوێکردنی وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت کە، ئایا پەیوەندی سوریا و هەریمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩٢ لەسەر چ بنەمایەک بونیاتنراوە؟ ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە دەکرێت پەیوەندییەکانی سوریا و هەرێمی کوردستان دابەشی چوار قۆناغی سەرەکی بکرێت: قۆناغی پێش ساڵی ١٩٩٢، کە سوریا کوردی وەک کارتێکی فشار دژی ڕژێمی بەعسی عێراق بەکاردەهێنا و هەر لەو چوارچێوەیەش سەیری کێشەی کوردی عێراقی دەکرد. قۆناخی دووەمیش بریتییە لە دوای ١٩٩٢تا ٢٠٠٣، واتا دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان)، کە سوریا بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات و خۆی بەدووردەگرت لە مامەڵەکردنی سیاسی، بەڵکو دیمەشق زیاتر لە ڕووی بازرگانییەوە هەوڵدەدات سوود لە هەرێمی کوردستان وەربگرێت. قۆناغی سێیەمیش بریتییە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) کە سوریا وەک مەترسییەک سەیری هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات بۆ سەر ئاسایش و پرسی کورد لە سوریا. هەرچی قۆناغی چوارەمە کە لە دوای ٢٠١١ دەستپێدەکات لەبەر قەیرانی سوریا و گۆشەگیرکردنی ڕژێمی بەشار ئەسەد، ئیتر پەیوەندیی ڕژێمی سوریا لەگەڵ زۆربەی وڵاتان نامێنێت، بۆیە لەو ماوەیەدا هیچ پەیوەندییێکی ئاشکرا لە نێوان سوریا و هەرێمی کوردستاندا نامێنێت، بەڵکو ئەوەی هەیە لەم قۆناغەدا (٢٠١١ - ٢٠٢٠) پەیوەندی ڕۆژئاوایی کوردستان و هەرێمی کوردستانە، بە جۆرێک کە بۆ هەرێمی کوردستان جێگای سوریا دەگرێتەوە.

**ووشە کلیلییەکان**: سوریا، هەرێمی کوردستان، پەیوەندییە هەرێمییەکان، ئاسایشی هەرێمی، ڕۆژئاوای کوردستان

## هەرێمی کوردستان و سوریا: کێشەزای پەیوەندییەکان (١٩٩٢–٢٠٢٠)

### پێشەکی

سوریا وەک یەکێک لە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە کاریگەریی لەسەر پرسە سیاسییەکانی ناوچەکە هەبووە، بە تایبەتیش ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە پرسی کورد و چالاکی بزاڤە سیاسیەکانی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستانەوە هەبووە. دەکرێت بڵێین کە سیاسەتی سوریا بۆ مەمەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد زیاتر لە هیی ئێران دەچێت، بەو واتایەی سوریا پرسی کوردی هەمیشە وەک فاکتەرێکی گوشار دژی نەیارە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی بەکارهێناوە، بە تایبەتیش ڕژێمی بەعس بە سەرکردایەتیی سەرۆکی پێشووی عێراق سەدام حسێن، یاخود دژی تورکیا، لە ڕێگای ڕێگەدان بە چالاکییە سیاسییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سوریا. هەڵبەتە ئەم سیاسەتەی سوریا هەمبەر کێشەی کورد لەسەر یەک ئاراستە نەبووە، بەڵکوو هەمیشە لە هەڵبەز و دابەزدا بووە، بە تایبەت بە ئاستی پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ هەر یەکە لە عێراق و تورکیادا کاریگەربووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سوریا کاریگەریی زۆری لەسەر پرسی کورد جێهێشتووە، نەک تەنیا لە سوریا، بەڵکوو لە هەرێمی کوردستان و تورکیاش.

له سەرێکی ترەوە سوریا تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ هەمیشە پەناگەیەکی سیاسی بووە بۆ هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی شیوعی، بە شێوەیەکی کەمتریش پارتی دیموکراتی کوردستان. پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و سوریا کەمێک ئاڵۆزە بە تایبەت پێش نەوەدەکان جۆرێک بووە، دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی ١٩٩٢ جۆرێکی تر بووە، بەڵام لە دوای ٢٠٠٣ کە کوردی عێراق دەبنە خاوەن پێگەیەکی سیاسی و دەستوری لە دەوڵەتی عێراق، ئیتر پەیوەندی سوریا و هەرێمی کوردستانیش گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەوەی کە بۆ ئێمەی توێژەر لەو بوارەدا جۆرێک نادیارە پەیوەندیی سوریا و هەرێمی کوردستانە دوای ڕاپەڕینی گەلانی سوریا یان ئەوەی پێدەڵێن شۆڕشی سوریا، واتە دوای ٢٠١١، چونکە لەو ماوەیەدا هیچ پەیوەندی و چالاکییەکی سیاسیی دیار لە نێوان ڕژێمی سوریا و هەرێمی کوردستان بەدیناکرێت، چونکە لەو ماوەیەدا ڕژێمی سوریا توشی جۆرێک لە گۆشەگیریی سیاسی و ئابووری دەبێت، سەرقاڵی شەڕی مانەوەی ڕژێم و شەڕی مەزهەبی دەبێت، بۆیە لەو ماوە درێژەدا سەرنجمان دەخەینە سەر پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ لایەنێکی دیاری گۆڕەپانی سیاسیی سوریا کە ئەویش بەرخودانی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستانە، چونکە ڕۆژئاوای کوردستان و هەرێمی کوردستان لە زۆر ڕووەوە کاریگەریی هاوبەش و ڕاستەوخۆیان بەسەر یەکترەوە هەیە. لەم بوارەشدا پەیەدە و دواتریش هێزەکانی سوریای دیموکرات و هەروەها ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردیی سوریا ئەو لایەنە دەبن کە جێگای گرنگیی هەرێمی کوردستانن.

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە** لە کۆمەڵێک بواردا سەرچاوە دەگرێت، سەرەکی ترینیان ئەو پەیوەندییە ئیتنی و جیۆپۆلۆتیکییەیە کە لە نێوان هەر یەکە لە هەرێمی کوردستان و سوریادا هەیە، دواتریش کاریگەریی

سوریا لەسەر هێزە سیاسییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەو پەیوەندیی و هەماهەنگییەی لەنێوان سوریا و ئێران و تورکیا و عێراقیشدا هەبووە سەبارەت بە پرسی کورد بە تایبەت لە کوردستانی باشوور، بە تایبەتیش ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان قۆناغەکانی پەیوەندیی هەردوولادا هەیە. ئەم بوارانە و چەندین بواری تریش کە دوای ٢٠١١ هاتوونەتە ڕۆژەڤ هەموویان فاکتەری گرنگن، نەک تەنیا بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی سوریا و هەرێمی کوردستان، بەڵکوو بۆ تێگەیشتن لە پرسی کوردیش بە گشتی. **پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە** بریتییە لە گەڕان بە دوای فۆڕمی ئەو جۆرە پەیوەندییانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکانی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و سوریادا هەیە. یاخود وردتر بڵێین، ئایا پاڵنەری سەرەکی پەیوەندییەکانی هەریەکە لە هەرێمی کوردستان و سوریا چییە؟ لێرەدا توێژینەوەکەمان تایبەت دەبێت بە ساڵانی ١٩٩٢ تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠.

**میتۆدی توێژینەوە**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بەستووە بە میتۆدی جۆرێتی – Qualitative Method، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان سەرچاوەی زانیاری کۆکردنەوەمان (data collection) بەکارهێناوە وەک کتێب، توێژینەوە، جۆرناڵی زانستی، لێدوانی ڕۆژنامەوانی، دۆکیومێنتی فەڕمی و تاد، هەروەها بۆ توێژینەوە و دیراسەکردنی ئەو بابەتانە، پشتمان بەستووە بە ڕێچکەی شیکردنەوە- Analytical Approach؛ واتە شیکردنەوەی هەڵسوکەوت و دیاردە و کێشە سیاسییەکان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان لە فۆڕمێکی تردا، کە لە هەمانکاتدا شیکردنەوەیێکی وردی وێستگەکانی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو لایەنە دەگرێتەخۆ. ئەمەش بە مەبەستی ڕوانینێکی قوڵتر لە کێشەی توێژینەوەکە، کە تایبەتە بە پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی سوریا و هەرێمی کوردستان. بۆ

دەستگەیشتنیش بەسەرچاوەی زانیارییەکان هەریەکە لە زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و کوردیمان بەکارهێناوە.

**چوارچێوەی تیۆری ( Theoretical Framework)**

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی سوریا و هەرێمی کوردستان لەم توێژینەوەیەدا، دیسان پشتمانبەستووە بە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی (Regional Security Complex) کە هەر یەکە لە "باری بوزان و ئۆلی ویڤەر" (Barry Buzan, Ole Wæver) بنەما سەرەکییەکانیان دارِشتووە. "بوزان" وا پێناسەی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی (RSC) دەکات کە بریتییە لە "گرووپێک لە دەوڵەت کە مەترسییە ئاسایشییەکانیان بە شێوەیەکی پتەو بەیەکەوە بەستراونەتەوە بە جۆرێک کە ئاسایشی نیشتمانی هەر یەکێکیان بە ئەستەم لەوەی تریان جیا دەکرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا شێوازی پەیوەندییەکانیشیان فۆرمێکی بەردەوامە لە دۆستایەتی دوژمنایەتی" ( Buzan, and Waever, 2003, p.47).

لەبەر رۆشنایی ئەم تیۆرە، هەرێمی کوردستان بە شێکە لە پاکێجێکی فراوانتر کە پەیوەندداره بە ئاسایشی هەرێمی سوریا لە ناوچەکە. بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرە "هەر کۆمەڵە ئاسایشێکی هەرێمی لە رێگەی ترس لە جیابوونەوەی یەکەکان دروستدەبێت، کە ئەمەش لە بنەرەتدا دەرەنجامی خەسڵەتە ناوخۆییەکانە" Buzan, and Waever, 2003, p.4). بەپێی ئەم تیۆرە مەترسییە ئاسایشییەکان زیاتر بە هۆکاری نزیکایەتیی جوگرافی، واتە لە نێوان وڵاتە (یان قەوارە) دراوسێکاندا دەگوازرێنەوە تا لە نێوان وڵاتانی دوورتر لە رووی جیۆگرافییەوە. واتە کاریگەریی نزیکایەتی جوگرافیا ( geographical proximity) کارلێکی بەهێزتر لەسەر ئاسایش دروستدەکات، بە تایبەت

لەسەر سێکتەرە سەربازیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەم نزیکایەتییە جوگرافی و مێژویی و نەتەوەییەی لە نێوان سوریا و هەرێمی کوردستاندا هەیە هەمیشە ئەگەری ئەوەی هەیە کە کارلێکی سیاسی و کلتووری و ئەمنی لەسەر سوریا و ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەر دابەشکراوە دروستبکات، کە وا دەکات سوریا بەردەوام بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکات، کە ئەمەش بە زۆری بە دەستتێوەردانی سیاسی و سەربازی و ئەمنی کۆتاییدێت.

هەرێم ئەگەر لە قۆناغی دۆستایەتیش بێت لەگەڵ سوریا، بەڵام ئەم دۆستایەتییە پڕە لە بەربەستی ئاسایشی کە وا دەکات هەرێم لە ڕوانگەی سوریاوە هەرگیز جێگای متمانە نەبێت. هەر یەکە لە "بوزان و ویڤەر" بوونی "کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی" دەگەڕێننەوە بۆ جۆرێک لە لاوازی یان شپرزەیی دەوڵەت، ئینجا ئەمە چ کێشەی ئیتنی و ئاینی بێت، یان کێشەی سیاسی کە پەیوەندی بە خودی پرۆسەی نەتەوەسازیی و دەوڵەتسازی –Nation building and State-building ەوە هەیە.

بوارێکی تری تیۆری کە دەکرێت یارمەتیدەرمان بێت بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی سوریا بەرانبەر هەرێمی کوردستان، ئەو میتۆدەیە کە هەر یەکە لە "رایمۆند هینەبۆش و ئەنەوشیروان ئحتشامی" وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی هەریەکە لە سوریا و ئێران بەکاریانهێناوە (Ehteshami, and Hinnebusch, 1997, p.6). شرۆڤەکردنی سیستەمی بۆ سیاسەتی دەرەوە وا مەزەندەدەکات کە هەڵسوکەوتی دەوڵەت لە سروشتی سیستمی دەوڵەتی ناسەقامگیر ( insecure state system) سەرچاوە دەگرێت، بە تایبەتیش مەترسییە دەرەکییەکان. کەواتە هەڵسوکەوتی سوریا لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان لە ژینگەی سیستمێکی ناسەقامگیر و مەترسییدروستکەر سەرچاوە دەگرێت، هاوسەنگیی هێزیش، فۆرمێکی هێزی هەرێمی مامناوەند ( regional

(middle power) ی بە سوریا بەخشیوە. هەڵبەتە مەبەست لە چەمکی"هێزی هەرێمی مامناوەند" ئەو دەوڵەتانەیە کە لە سیستمی جیهانیدا جگە لە هێزێکی قەبارە مامناوەند شتێکی تر نین، بەڵام لە هەمانکاتدا لە چوارچێوەی سیستمی هەرێمی خۆیاندا هێزی سەرەکین (Ehteshami, and Hinnebusch, 1997, p.7). هەڵبەتە دیارە سوریا وەک هێزێکی هەرێمی لە دوایی ٢٠١١ لە گۆڕەپانەکەدا نەماوە، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری پەیوەندییەکانی هەرێم و سوریا دەکەونە پێش ئەو ڕێککەوتەوە، بۆیە ئەم میتۆدەش هاریکار دەبێت بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی (state behavior) سوریا بەرانبەر هەرێمی کوردستان و پرسی کورد لە لایەکەوە هەروەها سیاسەتی سوریاش بەرانبەر وڵاتانی دراوسێ لە لایەکی ترەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە چوار باس و دەرەنجامەکان پێکدێت. لە باسی یەکەمدا بە دەروازەیەکی کورتی مێژوویی هاتوینەتە ناو بابەتەکەوە، کە باس لە ڕۆڵی دەوڵەتی سوریا دەکات لە پەیوەندیی بە هێزە کوردییەکانەوە، بە تایبەتیش هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان تا دەگاتە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣. هەرچی باسی دووەمە تایبەتە بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و سوریا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس تا دەگاتە ڕاپەڕینی خەڵکی سوریا دژی ڕژێمی ئەسەد لە ٢٠١١. باسی سێیەمیش پەیوەندییەکانی هەرێم و سوریا تاوتوێ دەکات دوای ٢٠١١، کە لە ڕاستیدا پەیوەندیی زۆر کەم بووە لەو ماوەیەدا، بە هۆکاری لاوازبوونی ڕژێمی بەشار و پەراوێزخستن و گۆشەگیربوونی سوریا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. باسی چوارەمیشمان تایبەت کردووە بە پەیوەندیی ڕۆژئاوای کوردستان، یاخود "ڕێڤەبەریا خۆسەر" لەگەڵ

هەرێمی کوردستان. لە کۆتاییشدا بە کورتی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان خستوونەتەڕوو.

## باسی یەکەم/ دەروازەیەکی مێژوویی کورت

سوریا بەر لەوەی بەشێک لە خاکەکەی کوردستان بێت، ٣ ملیۆن کورد لە سوریا دەژیت، یەک ملیۆن کوردیش بەتەنیا لە دیمەشق هەیە (جەوهەر، ٢٠٢٠، لا١١) ، ئەمە جگە لەوەی کە سوریا ڕۆڵێکی مێژووییشی هەبووە لە ژیانی سیاسی بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەتیش پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هەروەها تا ڕادەیەک پارتی دیموکراتی کوردستانیش. هەر لە سەرەتای دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، سوریا هەر زوو ڕێگەیدا کە ئەو پارتە چالاکییە سیاسییەکانیان بگوازنەوە سوریا، مەبەستی سەرەکیش لەم هاوکارییەی پەکەکە هەڵبەتە بۆ دژایەتیی تورکیا بووە. ئەمە بۆ پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستانیش بەهەمان پێوەرە. سوریا کەم تا زۆر هەردوو پارتی سەرەکیی هەرێمی کوردستانی (یەکێتی و پارتی) لە دژی ڕژێمی بەعس بەکارهێناون. تا ئەو ئاستەی بۆ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان سوریا پێگەیەکی زۆر تایبەتی هەبووە، بە تایبەت دوای هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ لە سوریا دروستدەبێت (Schmidinger, 2018, p.50). هەڵبەتە ئەو یارمەتییەی سوریا لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لە ساڵی ١٩٧٥ سوریا و عێراق لەسەر ئاوی فوڕات ناکۆکییەک لە نێوانیاندا ڕوویدا، ئەمە سەرەڕای ئەو ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەی کە لە نێوان هەردوو باڵی حزبی بەعسی سوریا  و عێڕاقدا هەبوو، هەڵبەتە ناکۆکیی کەسیی توندیش لە نێوان هەر یەکە لە "سەدام حوسێن" و "حافز ئەسەد"دا هەبوو، چونکە ژمارەیەک کەسایەتیی حزبی بەعسی سوریا هەڵاتبوون و پەنایان

بردبووە بەر عێراق  و چالاکیی حزبییان دژی ڕژێمی بەعسی سوریا ئەنجامدەدا (مەحموودی مەلا عزەت، ١٩٩٩، لا٦٣).

لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، یەکێتی سوریای کرد بە بنکەی سەرکرادیەتی و شوێنی خۆڕێکخستن و مەشقپێکردنی کادیرەکانیان. مام جەلال سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سوریا دەڵێت: "هەرگیز چاکەی سوریامان لەبیر ناچێتەوە، بە ڕاستی ئەو سەردەمە سوریا نەبوایە نەماندەتوانی ئەو کارە وەک پێویست ئەنجامبدەین، سوریا نەک هەر دەرگای بۆ کردینەوە، دەرگای سیاسی، دەرگای ڕێکخستن، دەرگای پڕۆپاگەندە، بەڵکوو دەرگای ڕاهێنانی پێشمەرگەشی بۆ کردینەوە، دەرگای چەکپەیداکردنی بۆ کردینەوە کە چەکمان پێبدات و کەرەسەکانی شۆڕشمان بۆ بێنێتە دی، بۆیە بە ڕاستی ی. ن. ک زۆر قەرزداری سوریایە" (چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، ١٩٩٨/٦/٢).

ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بە زۆری هەمان میتۆدیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد بەکارهێناوە؛ هەر یەکە لە ئێران و سوریا، لە ڕابردوودا کوردیان بۆ ململانێ هەرێمییەکانی خۆیان بەکارهێناوە. ئەم ستراتیژەی وڵاتە هەرێمییەکان بۆتە هۆکاری ئەوەی کە خودی هێزە کوردییەکان بەسەر بەرژەوەندیی هاوبەشی نەیارەکانیان دابەش بن، لە هەمان کاتیشدا، هەندێک جاریش بکەونە بەرژەوەندی و بەرەی دژ بەیەکتر. بۆ نموونە کە سوریا یارمەتی پەکەکە دەدات لە بەرانبەردا پەکەکە ناچار بووە چاوپۆشی لە دۆخی  سیاسی و مرۆیی کوردانی سوریا بکات (Frahm, 2007, p.108) یان کە ئێران یارمەتی هێزە سیاسییەکانی باشوور دەدات، هەندێک جار ئەمە بە خراپی لەسەر دۆخی هیزە کوردییەکانی ئێران شکاوەتەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هەندێک جار بووەتە هۆی شەڕی چەکداریی ناوخۆیی هێزە

کوردییەکانیش. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەش لەبیربکرێت کە هێزە کوردییەکان لە بەرانبەردا سوودیشیان لەو پاڵپشتییە هەرێمییە وەرگرتووە، بە تایبەت کوردی باشوور ( هەرێمی کوردستان) ( Yildiz, 2005, p.56).

بەڵام ئەمەش لە سەرێکی تردا وایکردووە کە لە کاتی گۆڕان و هاوتابوونی بەرژەوەندیی ئەم وڵاتانە، بزوتنەوەی سیاسیی کورد تووشی شکستی لەناکاو و گەورە بێت. بۆ نموونە، کاتێک تورکیا و سوریا پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان ئاسایی دەکەنەوە و "ڕێککەوتنی ئەدەنە" دەبەستن لە ساڵی ١٩٩٨، سوریا نەک تەنیا دەست لە پشتگیریی پەکەکە هەڵدەگرێت، بەڵکوو داوا لە ڕابەری پەکەکە "عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش" دەکات کە سوریا جێبهێڵێت و هەموو بارەگاکانیشیان پێدادەخەن، کە دواجار بووە هۆی گیرانی ئۆجەلان لە کینیا و ڕادەستکردنی بە تورکیا (Paasche, 2015, pp.77-88). یان دوای ئەوەی شەڕی ناوەخۆ لە هەرێمی کوردستان کۆتاییپێدێت لەسەر دەستی "مادڵین ئۆڵبرایتی" وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا، ئەمە هەر زوو تورکیا و ئێران پەستدەکات و لەیەکتریان نزیکدەکاتەوە، لە ترسی ئەوەی نەکا هەرێمی کوردستان دەسکەوتێکی سیاسی دەستکەوێت یان بەرەو سەربەخۆیی سیاسی بڕوات. واتە یارمەتیی هێزەکانی عێراق و ئێران و سوریا بۆ هێزە کوردییەکان هەمیشە سنووردار و مەرجدار بووە، تا ئەو ئاقارەی کە هیچ هێزیکی کورد نەتوانێت سەربەخۆیی سیاسی پێ بەدەستبێنێت.

لێرەدا لەوانەیە کەسانێک بڵێن مەرج نییە هەردەم بە گومانەوە بڕوانینە سیاسەتی"سێ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان"؛ بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٠ کاتێک ئەمریکا و هێزە ئەوروپییەکان ویستیان ناوچەی ئارام لە باکووری عێڕاق دروستبکەن، سوریا دژایەتیی خۆی بۆ ئەم هەنگاوە دەرنەبڕی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە سوریا وای دەبینی

بوونی ئەو ناوچە ئارامە دواجار دەبێتە هۆی لاوازکردنی سەدام حسێن و حزبی بەعس لە عێراق، دواجاریش گۆڕانی بەلانسی هێز لە بەرژەوەندیی سوریا. دواتر هەر واش دەرچوو، هەرچەندە سوریا پەیوەندی و دیپلۆماسی و بازرگانیشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەسپێکرد، بەڵام سەرباری ئەوەش سوریا هەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکرد (Yild, 2005, p.63).

لەم قۆناغەدا، واتە پێش ساڵی ١٩٩١، سوریا کوردی وەک کارتێکی فشار دژی ڕژێمی بەعسی عێراق بەکاردەهێنا و هەر لەو چوارچێوەیەش سەیری کێشەی کوردی عێراقی دەکرد. بەڵام لەدوای ١٩٩١ دواتریش دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان)، واتە پێش داگیرکردنی عێراق، سوریا بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکرد و خۆی بە دووردەگرت لە مامەڵەکردنی سیاسی، بەڵکوو سوریا زیاتر لە ڕووی بازرگانییەوە هەوڵیدەدا سوود لە هەرێمی کوردستان وەربگرێت. کەواتە دەتوانین بێژین کە سوریا هەتا پێش دروستبوونی هەرێمی کوردستان، واتە تا ساڵی ١٩٩٢، بێترستر مامەڵەی لەگەڵ کوردی عێراقدا دەکرد، چونکە وەک جووڵانەوەیەکی سیاسی سەیریدەکردن، کە دەکرێت وەک کارتێکی سیاسی دژی عێراق و یەکتریش بەکارییانبهێنێت. بەڵام دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان سوریا بە وریاییترەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکات، نایەوێت هەرێمی کوردستان و پارتە کوردییەکان ببنە خاوەن قەوارەیەکی سیاسی لە عێراقدا. بۆیە لە دوای ٢٠٠٣ سوریا هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی سیاسیی مەترسیدار دەبینێت، بە تایبەت لەسەر دۆخی کوردانی سوریا.

## باسی دووەم/ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و سوریا (٢٠٠٣-٢٠١١)

هەرچەندە ڕژێمی سەدام هەمیشە وەک مەترسییەکی گەورە لەلایەن سوریاوە سەیردەکرا، بەڵام لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، نیگەرانییەکانی سوریا نارەونەوە، بەڵکو دۆخی نوێی عێراق و بە تایبەتییش بوونی پێگەی فەرمیی هەرێمی کوردستان وەک مەترسییەک بۆ سەر دۆخی کورد لە سوریا دەبینێت. بۆیە ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، سوریا هەوڵی نزیکبوونەوە دەدات لە تورکیا و ئێران بۆ خەفەکردنی ئەو مەترسییانەی کە ئەگەری هەیە لە دۆخی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەونەوە (Shifrinson,2006, p.4). ئەم دۆخە نوێیە دواجار هەماهەنگی لە سەر ئاستی کۆبوونەوەی وەزیرەکانی هەر سێ وڵاتانی تورکیا، ئێران و سوریا لێکەوتەوە بە تایبەت لە ڕووی هەماهەنگیی هەواڵگریی دژی چالاکییە سەربازییەکانی پارتە کوردییەکان. بەڵام بەرژەوەندیی جیاوازی نێوان ئەو سێ وڵاتە نەیتوانی ئەو ئامانجە بپێکێت. بە تایبەت دوای ئەوەی یاسای کارگێڕی بۆ قۆناغی گواستنەوە (TAL) پەسندکرا لە لایەن ئەنجوومەنی حوکم و "پۆل برێمەر"ی حاکمی مەدەنی ئەوکاتی عێراق لە ئازاری ٢٠٠٤.

ئەم دۆخە هەر زوو ڕەنگدانەوەی لەسەر دۆخی سەرکوتکراوی کوردانی سوریا هەبوو (BBC, 17 March, 2012). لە مانگی ئاداری ٢٠٠٤ لە کاتی یاریی تۆپی پێ لە نێوان هەردوو تیمی "جیهاد" کە تیمێکی کوردی بوو لەگەڵ تیمی "فتوە"، کە تیمێکی عەرەبی بوو، شەڕ و ئاژاوەی لێکەوتەوە. دواتر بەرزکردنەوەی وێنەی سەدام حسێن لەلایەن هەندێک گەنجی عەرەب بووە هۆی تووڕەکردنی گەنجانی کورد، بە جۆرێک کێشەکە لە شەڕەبەردی دوو تیمی فووتبۆڵ گواسترایەوە بۆ کێشەی سیاسی، بە تایبەت کاتێک هاندەرە کوردەکان ئاڵای کوردستانیان

بەرزکردەوە (Allsopp, 2016, p.196). پەرچەکرداری ڕژێمی سوریا زۆر توووند بوو بە جۆرێک هەزارەها سەربازی بڵاوەپێکرد لە ناوچەکە، کە بە تانک و فڕۆکەی هەلیکۆپتەر پاڵپشتی دەکران. دۆخەکە کوژرانی ٣٠ گەنجی کوردی لێکەوتەوە و هەزارانی تریش ئاوارەبوون بۆ هەرێمی کوردستان (Tejel, 2009, p. 115).

ئەم پەرچەکردارەی ڕژێمی سوریا لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری پەیوەندی بە ترس لەو دۆخە نوێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان هاتبووە کایەوە، هەبوو. دروستبوونی کیانێکی دەستووری لە لاشەی دەوڵەتی عێراقدا بووە هۆی جولاندنی هەستی نەتەوەییی کورد لە بەشەکانی تری کوردستانیش، بە تایبەت لەو زوڵمەی کە هەر یەکە لە وڵاتانی تورکیا و ئێران و سوریا کە لە کوردییان دەکرد. ڕاپەڕینی ئازاری ٢٠٠٤ لە قامیشلۆ، لە ڕاستیدا وەرەچەرخانێکی تازە بوو لە پرسی کورد لە سوریا و هەروەها یەکەم کاریگەریی دۆخی نوێی هەرێمی کوردستان لە سەر پرسی کورد لە سوریا (Allsopp, 2016. P. 196). مەسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠١٠ لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دامەزراوەی "بڕوکینگز" ئەو توندوتیژییەی ڕژێمی سوریای لە دژی نەتەوەی کورد ئیدانەکرد، کە کوژرانی ٣٠ کەس و گرتنی چەندانی تری لە سوریا لێکەوتەوە (Pollack, 2010).

هەڵبەتە نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە ئەو ترسەی لە دوای ٢٠٠٣ سوریا لە هەرێمی کوردستانی هەبوو، تەنیا پەیوەست نەبوو بە پرسی کورد، بەڵکوو لە سەرێکی ترەوە پەیوەستبوو بە بوونی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و پەیوەندیی خراپی سوریا و ئەمریکاش بەشێکی تر بوو کە وای کرد لە دوای ٢٠٠٣ تاوەکو ڕوودانی ڕاپەڕین و شەڕی ناوەخۆی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ پەیوەندی هەرێم و سوریا بە خراپی بمێنێتەوە. بە تایبەت کە هەرێمی کوردستان وەک هاوپەیمانێکی

دڵسۆزی ئەمریکییەکان لە ناوچەکەدا سەیردەکرا؛ تا ئەو ئاستەی زۆرجار لە گوتاری سیاسیی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە هەرێمی کوردستانیان بە ئیسرائیلی دووەم ناو دەبرد. هەڵبەتە لەپاڵ ئەوەشدا بونیادی لاوازی دەوڵەتی سوریا کە لەسەر بنەمای حوکمکردنی کەمینەیەکی مەزهەبی دامەزراوە، هەمیشە مایەی ترس بوو، بە تایبەت لە سوننەکان نەوەک کاریگەر بن بەو دۆخە سیاسییەی لە عێراق هاتۆتە کایەوە، بە شێوەیەک کە ئەو دۆخە سیاسییەی سوریا چیتر قبووڵ نەکەن. واتە دەتوانین بڵێین کە فاکتەری ئیتنی (پرسی کورد) و مەزهەبی (ڕابوونی سوننەکانی سوریا و عێراق) کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و سوریا لە دوای ٢٠٠٣[١].

"عەبدولحەلیم خەدام" لە بیرەوەرییەکانیدا کە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) بە زنجیرە بڵاویکردنەوە، لە ئەلقەی یەکەمدا لە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ی نیسانی ٢٠٢١دا باسی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی سوریا و سەرۆککۆماری ئێران "محەمەد خاتەمی" دەکات، کە دوای ئەوەی ئەسەد دەزانێت هێرشکردنە سەر عێراق یەکلاییبۆتەوە و نزیکە، یەکسەر بەپەلە دەچێتە تاران، چونکە لەو باوەڕەدابوو کە ئەگەر ئەمریکا لە عێراق سەرکەوێت، نۆرە دەگاتە سوریا و ئێرانیش. خاتەمی دەڵێت: "تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی لەو قۆناغەدا هەیە. سەرەڕای پابەندییەکانی تورکیا بەرانبەر ئەمریکا، من تێبینیدەکەم ئەو گرووپەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە ئارەزووی ئەوەی هەیە کار لەگەڵ ئێمە و جیهانی ئیسلامی بکات. دەبێ وشیار بین بەرانبەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، دەبێ ئەو بیرۆکەیەش بچەسپێنین کە کوردانی ئێران ئێرانین، کوردانی عێراق عێراقین، کوردانی تورکیا تورکن. لەو بوارەدا دەبێ دڵنیاییبدەینە تورکیا و مەترسییەکانیان نەهێڵین. دەبێ هاوئاهەنگی لە نێوان ئێمە و ئێوە و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیشدا لەوبارەوە دروستبکەین ". ئەسەد لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەوانەی

له هەمووان گرنگتر کوردن. کورد دەترسێن و بیر له دروستکردنی وڵاتیش دەکەنەوە. ئەوە گرنگترین خاڵە. ئەو خاڵەم لەگەڵ عەبدوڵلا گول (سەرۆککۆماری ئەوکاتەی تورکیا) باسکرد، بەر له چەند ڕۆژێکیش شاندێکی ئەمنیی سووری چووە تورکیا. تەوەری سەرەکیی هاوکاریی نێوان سوریا و تورکیا ئێستا بابەتی دەوڵەتی کوردییە، ئەوەش هەموو لایەنە سیاسییەکانی تورکیا کۆدەکاتەوە، له سوپا و ئەوانیدیکە، چونکە ئەوە تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق دەخاتە دڵەڕاوکێوە، پێویستە لەسەر ئەو بابەتە هاوئاهەنگی له نێوانماندا دروستبکەین" (الشرق الأوسط، ٢٦ أبريل ٢٠٢١).

لەدوای ئەوەی کە مام جەلال بووە سەرۆکی کۆماری عێراق، پەیوەندییەکانی هەریەکە له عێڕاق و هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ سوریا جۆرێک له پێشڤەچوونیان بەخۆیەوە بینی، چونکە هیچ پەیوەندییەک له نێوان هەردوو وڵاتدا نەمابوو، بە تایبەت له کاتی شەڕی عێراق و ئێران، سوریا پشتی ئێرانی گرت. بەڵام له ٢٠٠٦ پەیوەندییە دپلۆماسییەکانیان جووڵەیەکی تێکەوت بە تایبەت کە "مام جەلال" له ساڵی ٢٠٠٧ سەردانی سوریای کرد بۆ هەماهەنگیکردنی هەواڵگری، بۆ ڕێگرتن لەو گرووپە چەکدارانەی کە له سوریاوە دزەیان دەکردە ناو عێراق و هەرێمی کوردستان ( Frahm, 2007, p.107). بە جۆرێک له دوای ٢٠٠٣ چەند جارێک عێڕاق و ئەمریکاش سوریایان بە پاڵپشتیکردنی بەعسییەکان و جیهادییەکان و گرووپە چەکدارەکانی دژ بە ئەمریکا له عێڕاق تۆمەتبار کرد. چونکە له دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس له ٢٠٠٣ سوریا بووە پەناگەی وەخۆگرتنی بەشێکی زۆری بەعسییەکانی عێراق Keskin, (2015, p.137). کەچی له دوای ٢٠١١ ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە دەبێتەوە سوریا خۆی بە دەست توندڕەوی چەکدارە سوننەکان دەناڵێنێت؛ واتە ئەو چەکدارانەی پێش ٢٠١١ لەلایەن خودی سوریا دژی عێڕاق

بەکاردەهێنران، ئەوجارە دەبنە مایەی مەترسیی سەرەکی بۆ ڕژێمی ئەسەد. ئیتر لەو قۆناغەدا سوریا هەر یەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەک مەترسی دەبینێت بۆ سەر دۆخی سوریا.

## باسی سێیەم/ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و سوریا دوای ٢٠١١

چەند هەفتەیەک پاش لادانی سەرۆکی تونس "زەین ئەلعابدین بن عەلی"، لە ٢٠١١ شەپۆلی ناڕەزایی یان ئەوەی پێیدەڵێن "بەهاری عەرەبی" وەک بەشێک لە ناوچەکە سوریاشی گرتەوە، "بەشار" لە وەڵامی چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی کە ئایا ئەو دۆخەی وڵاتانی میسر و تونس و لیبیای گرتۆتەوە سوریاشی بەدوادادێت؟ بەشار لە وەڵامدا وتی: "سوریا جیاوازە و وەک وڵاتانی تر نییە، چونکە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان بەرژەوەندیی خەڵک و دەسەڵاتدا هەیە" ( The Wall Street Journal, 31/1/2011). هەرچۆنێک بێت شەپۆڵی توندوتیژی و ناڕەزاییەکان سوریاشی گرتەوە زۆر بەتوندتر و وێرانکەرتر لە وڵاتانی تری ناوچەکە و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە. لە دوای ئاڵۆزبوونی دۆخی سوریا هەر وڵاتێک لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆی سەیری دۆخی سوریای دەکرد بە تایبەت لە ئەگەری ڕوخانی ڕژێمی بەشاردا. هەرێمی کوردستانیش وەک ئەکتەرێکی دیفاکتۆی بچووکی سیاسی و دراوسێی سوریا، هەروەها بوونی بەشێکی بەرچاوی کورد لە سوریا هەوڵیدا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی سیاسی و نەتەوەییەوە لە دۆخی سوریا بڕوانێت. هەرچەندە هەرێم وەک هەمیشە بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی دیسان دابەشبوون بەسەر دووبەرەی جیاوازدا، بەرەیەک کە گوزارشتی لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان دەکرد، نزیکبوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان، پێیوابوو کوردانی سوریا وا باشترە ببنە بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی سوریا و هەروەها ڕێگا بە گشت لایەنە سیاسییەکانی تریش بدەن کە چالاکیی سیاسییان هەبێت لە ڕۆژئاوای کوردستان ( Küçükkeleş, and

(Mankoff, 2014). بەشەکەی تر کە یەکێتی و گۆڕان بوون، پشتگیری سیاسەتی پەیەدە (PYD)یان دەکرد، بە تایبەت نەیاندەویست کە لەبەرەی پارتیدا بێت. پەیەدە ئاڕاستەیەکی سەربەخۆیان گرتەبەر کە نەچوونە پاڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا، بەڵکوو جۆرێک لە سیاسەتێکی سەربەخۆیان گرتەبەر، لە هەمان کاتدا پەیوەندیشیان لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد هەبوو. هەڵبەتە ئەم سیاسەتەی هەرێمی کوردستان دەکرێت کاریگەریی سیاسەتی تورکیاشی بەسەرەوە بووبێت، چونکە تورکیاش پشتگیری ئۆپۆزسیۆنی سوریای دەکرد و بە باشی دەزانی کە کورد لە سوریا لە کاریگەریی پارتی کرێکارانی کوردستان دووربکەوێتەوە. هەڵبەتە ئەم سیاسەتەی هەرێمی کوردستان بەرانبەر قەیرانی سوریا، پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و بەغداشی تووشی جۆرێک لە ئاڵۆزی کرد (ریناد منصور، ٢٠١٢). چونکە "مالکی" سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد نەبوون. بە گشتی شیعەکانی عێڕاق و دەوڵەتی ئێرانیش لە دژی هەر هەوڵێک بوون کە ببێتە هۆی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد.

هەرێمی کوردستان لە دوو لاوە کەوتنی ڕژێمی سوریای لە بەرژەوەندیی خۆی دەبینی، لە لایەک ئەگەر کیانێکی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بێت، ئەمە وەک پاڵپشتییێک دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، بە تایبەت ئەگەر هەرێمی کوردستان (ڕوانگەی پارتی) بتوانێت دەسەڵاتی هەبێت بەسەر ئەو کیانە نوێیە، ئەوا ڕۆژئاوای کوردستان دەتوانێت هاوکار و پاڵپشتی هەرێمی کوردستان بێت. لە لایەکی تر ئەمە لەوانەیە ڕەزامەندی و هەماهەنگیی زیاتری تورکیاش بۆ هەرێم مسۆگەر بکات، چونکە بوونی کیانێکی نزیک لە پەکەکە نە تورکیا ڕێگای دەدات و نە هەرێمی کوردستانیش بە باشی دەزانێت. فاکتەرێکی تریش ئەوەبوو کە ڕووخانی سوریا لەوانەیە ببوایە ڕوخانی حکومەتی مالیکیش کە ئەوکات

کێشەی زۆری هەبوو لەگەڵ هەرێمی کوردستان. هەڵبەتە خودی مالیکیش کاریگەریی هەرێمی لەسەر دۆخی ڕۆژئاوای کوردستانی وەک هۆکارێک دەبینی بۆ بەهێزبوونی دەستی هەرێمی کوردستان لە ململانێکانیان بەرانبەر بەغدا. چونکە لە ڕاستیدا ڕۆژئاوای کوردستان لە چەندین ڕووەوە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە. "ڕێڤەبەری خۆسەری ڕۆژاڤای کوردستان"[٢] بۆ هەرێمی کوردستان پێگەیێکی سیاسی و ستراتیجی گرنگی لە ناوچەکدا هەیە.

ڕۆژئاى کوردستان و هەرێمی کوردستان بەرژەوەندیی هاوبەشی زۆریان هەیە کە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ئەمنییەوە دەتوانن سوودی زۆری لێ ببینن. ئەمە جگە لەوەی بوونی کیانێکی کوردی دراوسێ بۆ هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا دەتوانێت تا ڕادەیەک باری هەرێم سووک بکات لەو گوشارە سیاسییانەی کە وڵاتانی دراوسێ بەردەوام دەیسەپێنن بەسەر هەرێمی کوردستاندا. بۆ ڕۆژئاوای کوردستانیش بە هەمان شێوە، هەرێمی کوردستان پێگەیێکی ستراتیجیی گرنگی هەیە، چونکە لە خراپیی پەیوەندیی ڕژێمی سوریا و گوشاری تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان، هەرێمی کوردستان تاکە دەلیڤەیە، کە دەتوانێت وەک پەنا وا بێت بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. بەڵام سەبارەت بە پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی سوریا، لە دوای ٢٠١١ ئیتر بە هۆی شەڕی ناوەخۆی سوریا پەیوەندییەکی وەها لەگەڵ سوریادا نامێنێت، لە دوای ٢٠١١ ئەوەی هەیە دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانە لە سوریا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگای پرسی کورد لە سوریا و ئاوارەبوونی هەزارەها کوردی ڕۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان و هەروەها دروستکردنی نفوزی (دەسترۆیی) حزبیش لە سوریا، هەرێمی کوردستان وابەستەی کۆمەڵێک

پرس دەبێت لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان کە لە باسی چوارەمدا باسی دەکەین.

## باسی چوارەم/ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان

لە سەرەتای دامەزراندنی یەکەمین پارتی سیاسیی کوردی لە سوریا لە ساڵی ١٩٧٥ و تەنانەت پێشتریش، سیاسەتی کورد لە سوریا هیچ کات ناوخۆیی نەبووە، بەشە کوردییەکانی تر بەردەوام کاریگەر و ئیلهامبەخشی بزووتنەوە سیاسییەکانی سوریا بوون، بە تایبەت کوردەکانی عێراق و تورکیا. لە ساڵی ٢٠١١، ململانێی سوریا و ڕووداوەکانی دواتر بووە هۆی دروستبوونی هەرێمێکی نیمچەسەربەخۆی کوردیی، لە ڕۆژئاوایی کوردستان. ئەم ڕەوتەی گۆڕانکاری، ئەو بیرۆکەیەی لەناو کوردەکانی سوریادا زیاتر قووڵکردووە، کە پشتبەستن بە ئەکتەرەکانی تری کورد لە بەشەکانی تری کوردستان بۆ مانەوەی سیاسی هەنگاوێکی زێدە پێویستە (Kajjo, 2020). ئەمە جگە لەوەی کە هەڵکەوتەی جیۆپۆلۆتیکی کوردستان بە درێژایی مێژووی سیاسی کورد کاریگەریی زۆری لەسەر پرسی کورد بە گشتی هەبووە، لێکەوتە سیاسییەکانیشی تا ئێستاش بەردەوامن. لە ئاستی ناوەخۆدا ئەم لێکەوتانە کاریگەریی بەردەوامی هەبووە لەسەر پەیوەندیی نێوان پارتە سیاسییە کوردییەکان لە گشت بەشەکاندا؛ لە ئاستی هەرێمیشدا وای کردووە زۆربەی پارتە کوردییەکان کاریگەریی وڵاتانی دراوسێ یان ئەجێندایی بیانییان لەسەر بێت، تا ئەو ئاستەی زۆرێک لە مێژوونووسە سیاسییە ڕۆژئاواییەکانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە مێژووی کورد "دیلی جوگرافیا"یە (Kaplan, 2013). ئەمە لە کاتێکدایە کە گشت بەشەکانی کوردستان ناوچەی داخراو و دەورەدراون بە دەوڵەتی نەیار، هیچ کام لە بەشە دابەشکراوەکانی کوردستان خاوەن پێگەی دەوڵەت نین، لە دۆخێکی

وەهادا سیاسەتکردن و پەیوەندیدروستکردن و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەگەڵ هێزە ناوچەییەکاندا کاریگەرییەکی فرە ئەستەمە. دڵنیام بەشێکی زۆری هێزە کوردییەکان ئەگەر بە حەزی خۆیان بێت دڵخۆش نین بەو پەیوەندی و پابەندبوونانەی کە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەیانە، بەڵام واقیعی سیاسی ئەوەی بەسەردا سەپاندوون.

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە دروستبوونی هەرێمی کوردستانی عیراق لە گشت بەشەکانی تر کاریگەریی زیاتری هەبووە لەسەر کوردانی ڕۆژئاوایی کوردستان، بە تایبەت لە سەرەتای ڕاپەڕینی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، بەڵام کاریگەریی سیاسی و ئابووری و نەتەوەیی لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس دەستیپێکرد، واتا لە ٢٠٠٣ بەدواوە. لە سەرەتای سەرهەڵدانی بەرخودانی ڕۆژئاوای کوردستان، هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش مەسعود بارزانی سەرۆکی ئەو کاتی هەرێمی کوردستان هەوڵیدا پەیوەندیی پتەویان لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان هەبێت. لە ساڵی ٢٠١٢ پەیەدە توانی بەشێکی زۆری ڕۆژئاوای کوردستان کۆنترۆڵ بکات و دواتریش لە ژێر یەکەیەکی کارگێری و سیاسیی نیمچە ئۆتۆنۆمیدا ڕێکیبخات بە ناوی "ڕۆژاڤای کوردستان" (KÜÇÜKKELEŞ, and MANKOFF, 2014, p.4 ). سەرۆکی هەرێمی ئەو کات "مەسعود بارزانی" ویستی ئەم هێزانە لەژێر چەتری هێزێکی یەکگرتوودا ڕێکبخرێن، ئەوەبوو لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ هاوپەیمانییێک پێکهات لە ژێر ناوی "ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی سوریا"، ئەم ئەنجوومەنە لە ١٥ پارت و گرووپی جیاواز پێکدەهات. دواتر بارزانی لە کۆنگرەیەکدا لە هەولێر لە ساڵی ٢٠١٢ هەموویانی بانگهێشتی هەولێر کردن، بەڵام پارتی یەکێتیی دیموکرات (PYD)، واتە ئەو پارتەی کە لە ڕاستیدا هێز و توانای زۆری هەبوو لە گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان ئامادەی کۆنگرەکە نەبوون. هەڵبەتە تورکیاش پشتگیریی لەو

هەوڵە دەکرد، چونکە نەیدەویست کوردانی سوریا بکەونە ژێر کاریگەریی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە (ریناد منصور، ٢٠١٢، ص٤). دواجار دیسان هەرێمی کوردستان هەوڵیدا کە ئەم دوو هێزە ناکۆکە کۆبکاتەوە، ئەوەبوو لە حوزەیرانی ٢٠١٢ هەردووکیانی لە هەولێر کۆکردەوە و لەسەر شەش خاڵی سەرەکی ڕێککەوتن بۆ کاری هاوبەش لەژێر ناوی "ئەنجوومەنی باڵای کوردستان" ئەمەش لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردانی سوریا بە ڕێکەوتنی هەولێر ناودەبرێت ( Schmidinger, 2018. P. 91). بەڵام ئەو هەوڵانە هیچیان سەریان نەگرت. ئیتر لەو کاتەوە ناکۆکی دەکەوێتەوە نێوان حکومەتی هەرێم و ئیدارەی ڕۆژئاوا، هەڵبەتە مەبەست لە ناکۆکییەکە زیاتر لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیەدەیە، چونکە هەر یەکە لە یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان پەیوەندیی باشیان لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان هەبوو، نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هەندێک جار لە ململانێ سیاسییەکانیشیاندا لەگەڵ پارتی و حکومەتی هەرێم لە دژی پارتیدا بەکاریاندەهێنا.

هەرچەندە ئەو دۆخەی بۆ کورد لە دوای ٢٠١١ لە سوریا هاتۆتە پیش بووەتە هۆی بەرزبوونەوە و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی لە گشت بەشەکانی کوردستان تا ئاستی خەونبینین بە دەوڵەتی کوردیشەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێک لە ناکۆکی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان، کە لە ڕۆژئاوای کوردستان هەژموونی تەواویان بەسەر پرۆسەی سیاسیدا هەیە. هەرچەندە ململانێی ئەو دوو هێزە لە سوریا پەیوەندیی بە خاک و سەرچاوە سروشتییەکانیشەوە هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرێک لە جیاوازییشە لە نێوان دوو دونیابینیی ئایدۆلۆژیش، کە دواجار بووەتە هۆی جیاکردنەوەی سنووری هەژموونی سیاسی هەردوولا. هەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە پێی ئەو پێگە سیاسییەی کە هەیەتی

زیاتر مەیلی لەسەر پاراستنی سنوور و دەستکەوتی سیاسی و ئابوورییە، بەڵام بۆ پەکەکە دۆخەکە جیایە، ئەوان حەزیان لە بوونی سنوور نییە و زیاتر سوود لە لاوازیی دەوڵەتەوە دەبینن (Hasan and Khaddour, 2021, p.6).

سەرەڕای ناکۆکییەکان بەڵام چرکەساتێکی گرنگ لە پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان ئەو کاتە بوو کە داعش هێرشی کردە سەر کۆبانێ، هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگە کە شارەزای بواری سەربازی بوون لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ وەک هاوکاری ناردە کۆبانی (Saeed, 29, 10, 2014). ئەمە هەرچەندە لە ڕووی قەبارەی هێزەوە شتێکی گەورە نەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ یەکێتیی نەتەوییی گەلی کورد لە سەرتاسەری جیهاندا هەنگاوێکی گرنگ و پاڵپشتیی جەماوەریی زۆریشی لێکرا (Abbaszadah, 28 Jan 2015). دوای سەرکەوتنی یەپەگە بەسەر داعش لە کۆبانێ کە دەنگدانەوەیەکی هەرێمی و جیهانیی زۆری هەبوو، هاوپەیمانیی یەپەگە و ئەمریکاش هەر لەو کاتەوە بە تەواوی دروست بوو. ئەمەش بێگومان تورکیای نیگەران کرد، چونکە تورکیا، یەپەگەش هەر بە بەشێک لە پەکەکە دەزانێت ( Daily News,19 October 2014). پەیەدە و هێزەکانی نزیک لە پەیەدە لە ساڵی ٢٠١٦ لە کۆنفرانسێک کە تەڤدەم ڕێکیخستبوو لە "رمێلان" دروستکردنی فیدراڵیزمی دیموکراتی ڕۆژاڤایان ڕاگەیاند، واتە لەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی پەیەدە بوون لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا. ئەم ڕاگەیاندنە هەر زوو لە لەلایەن هەریەکە لە ڕژێمی سوریا و "هاوپەیمانی نیشتمانی شۆرشی سوریا" و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ئیدانە کرا (Aljazeera, 17 March 2016). هەرچەندە لە ئاداری ٢٠١٥ وەزیری زانیاریی سوریا گوتی: "کە حکومەتی سوریا لە چوارچێوەی دەستووری سوریای نوێ دان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەنێت"، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا پەیەدە و هێزەکانی تری هاوپەیمانی پەیەدە بۆ گفتوگۆکانی ئاشتی جنێڤا ٢ لە بارەی ڕەوشی سوریا بانگ نەکران، ئەمەش بەشێکی هەرە زۆری پەیوەندی هەبوو بەو گوشارەی تورکیا کە ڕێگەی نەدەدا پەیەدە بەشداربێت لە ئایندەی پرۆسەی سیاسیی سوریا (Reuters, 26 Jan, 2016).

سەرۆکی پێشووی هەرێم (مەسعود بارزانی) لە حوزەیرانی ٢٠١٢ ناوبژیوانیی کرد بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک کە لە ٦ خاڵ پێکدێت[٣]، لەم ڕێگایەوە حکومەتی هەرێم هەوڵیدا کە کامپی ڕاهێنانی سەربازی بۆ ئەو هێزە کوردییانەی کە لە دەست ڕژێمی سوریا هەڵاتبوون، لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بە تایبەت کە لەوکاتەدا زیاتر لە ١٠ هەزار پەنابەری سوریا لە هەرێمی کوردستان دەژیان (ریناد منصور، ٢٠١٢، ص). بەپێی زانیارییەکان حکومەتی هەرێم پاڵپشتیی سیاسی و ماددی و مەعنەویی ئەنجوومەنی سوریای دیموکراتی کردووە، هەر بۆ ئەم مەبەستە هێزەکانیان لە سێ کامپی سەربازییدا لە هەرێمی کوردستان مەشقیان پێ دەکرێت، واتە لە کامپی زەیتوون لە هەولێر، پیشاخابوور لە دهۆک، هەروەها زوماریش لە موسڵ (ریناد منصور، ٢٠١٢، ص٥).

ئەوەی جێگای تێبینی و سەرنجە بۆ ئێمەی توێژەر ئەوەیە کە پێش قەیرانی ناوەخۆی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان تەنیا پەیوەندییەکی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بوو. ئەم پەیوەندییەش لە ڕاستیدا تایبەت بوو بە ڕێژەیەکی سنووردار لە کوردی سوریا، واتە ئەوانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەژیان، هەروەها ئەو پارتە سیاسییانەی کە لەلایەن هەرێمی کوردستان پاڵپشتیدەکران. بەڵام لە ئێستادا پەیوەندییەکان بۆ پەیوەندیی ئابووری گەشەیانکردووە. بە تایبەت ئەو گۆڕانکارییانەی لە سنووری نێوان هەردوولادا ڕوویانداوە بووەتە هۆی بەرفراوانکردنی زۆری چالاکییە

ئابوورییەکان. ئەوەی کە گرنگە سەبارەت بە سنووری هەردولا ئەوەیە کە سنوورێک نییە لە نێوان دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری، بەڵکوو سنوورێکە لە نێوان دوو کیانی سیاسیی کورد ( Hasan, and Khaddour, 2021, P.7). ئەم سنووره تازەیە بە درێژایی ١٥٠ کیلۆمەتر دەبێت لە سێگوشەی سنووری نێوان تورکیا و سوریا و عێڕاق درێژدەبێتەوە بە ئاڕاستەی باشوور بەرەو قەزای بەعاج لە پارێزگای نەینەوا لە دیوی عێڕاقەوە، دواتریش بەروە ئەلشەداد لە دیوی سوریا. لەم هێلە سنووریەدا چوار خاڵی سنووری هەن لە نێوان هەردوولادا: ڕەبیعە- یەعروبیة، سێمالکا-پیشخابوور هەروەها ئەلوەلید-ئەلفاو. (سەیری نەخشەی ژمارە ٢ بکە). ئەم جووڵە ئابوورییەی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان وای کردووە باسی دروستبوونی سنوورێکی نوێی کوردی لە ناوچەکەدا بکەین ( Hasan, and Khaddour, 2021, P.11). ئەمە پێشهاتێکی زۆر گرنگە، چونکە یەکەمین جارە لە مێژووی نوێ ناوچەکە هەردوو ئیدارە سیاسییە کوردییەکە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی ڕەوایەتیی نێودەوڵەتییان وەرگرتووە کە دەیەیەک پێش ئێستا وەک خەونێک وا بوو. تا ئەو ئاستەی هەندێک چاودێر ئەو پەیوەندییەی نێوان ڕۆژئاواو و هەرێمی کوردستان وەک بنەمایەک بۆ وەرچەرخانێکی جیۆپۆلۆتیکی گەورە لە ناوچەکەدا دەبینن، هەڵبەتە ئەگەر تەواوکاریی (Integration) سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان هەردوولادا ڕووبدات ,Hasan, and Khaddour (2021, P.15). بەڵام بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کورد ئەم پرسە گرنگە ئەستەمە پێشەڤەچوون بەخۆیەوە ببینێت.

لەم قۆناغەدا واتە لە ساڵی ٢٠١١ تاوکو ٢٠٢٠، دەتوانین بڵێین کە پەیوەندیی ڕۆژئاوای کوردستان و هەرێمی کوردستان تا ئاستێکی زۆر

ڕەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی پارتی کرێکاران و پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.




نەخشەی ژمارە (٢) سەرچاوە : Hasan & Khaddour, (2021)

## ئەنجام

پەیوەندییەکانی سوریا و کورد لە باشووری کوردستان (پێش ١٩٩١) دواتریش لەگەڵ هەرێمی کوردستان ( دوای ١٩٩١) وابەستەی کۆمەڵێک فاکتەری پەیوەست بە دۆخی ناوەخۆی سوریا و ناوچەکە بوون، لە سەرووی هەموویان ململانێ هەرێمییەکانی نێوان سوریا و عێراق لە لایەکەوە، لە لایەکی تریش پرسی کورد لە ناوچەکەدا. پێش ڕاپەڕین و دروستبوونی کیانی هەرێمی کوردستان، سوریا کوردی باشوور (عێراق)ی وەک کارتێکی گوشار لە دژی ڕژێمی بەعس لە عێڕاق بەکاردەهێنا، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش یارمەتی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی دەدا، کە دیارترین نموونە یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە. دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، سوریا بە وریاییی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکرد و خۆی دەپاراست لەوەی وەک کیانێکی سیاسی مەمەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات. سوریا لە دوای ساڵی ١٩٩٢ تاوەکو ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ هەوڵیدەدا لە ڕووی بازرگانییەوە سوود لە هەرێمی کوردستان ببینێت. کەچی لە دوای ٢٠٠٣ تا ٢٠١١ سوریا هەرێمی کوردستان وەک مەترسییەک لەسەر ئاسایشی ناوەخۆی سوریا دەبینێت، بە تایبەت دوای ڕووداوی شەڕی نێوان هەردوو تیمی فووتبۆڵی کورد و عەرەب لە قامیشلۆ لە ساڵی ٢٠٠٤ کە دواتر بووە پرسێکی سیاسی و لە هەمان کاتدا بۆ ڕژێمی سوریا وەک زەنگێکی ووریاکەرەوە بوو. سوریا لەو ماوەیەدا هەمیشە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ تورکیا و ئێران، سەبارەت بە پرسی کورد و دۆخی عێڕاق. لە دوای ٢٠١١ پەیوەندییێک لە نێوان ڕژێمی ئەسەد و هەرێمی کوردستاندا نامێنێت، ئەمەش بە هۆکاری ئەو دۆخەی سوریا، لەو ماوەیەدا پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ ئیدارەی خۆسەری ڕۆژاڤا و پەیەدە و هێزەکانی سوریای دیموکرات دەبێت. لە سەرەتای بەرخودانی

ڕۆژئاوای کوردستان، هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش سەرۆکی ئەو کاتی هەرێم "مەسعود بارزانی" زۆر هەوڵدەدات لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوە، بەڵام ئەمە تا ئێستاش نەهاتۆتەدی. لە دوای ٢٠١١ کاریگەری هەر یەکە لە پارتی کرێکاران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەسەر دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان زۆر دەبێت، هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات جۆرێک لە نفوزی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەبێت، بەڵام بەهۆی نزیکایەتیی پەیەدە لە پارتی کرێکارانی کوردستان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان وەک پێویست نییە. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و سوریا پەیوەندییەکی ئاڵوز و ناسەقامگیرە و هەمیشە وابەستەی فاکتەری ناوەخۆ و هەرێمییە؛ فاکتەری ناوەخۆ مەبەستمان پرسی کوردە لە سوریا، کە دیمەشق لە دوای ٢٠٠٣ وەک مەترسی سەیری دەکات. فەکتەری هەرێمیش مەبستمان کاریگەریی هەریەکە لە تورکیا و ئێران و عێراقە لەسەر پەیوەندیی هەرێم و سوریا؛ دیمەشق هەندێک جار هەماهەنگی هەبووە لەگەڵ ئەم وڵاتانە، هەندێک جاریش وەک کارتێک بۆ دروستکردنی گوشار، ئەگەر پەیوەندیی باش نەبووبێت لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا. فاکتەری ئەمەریکاش هاوشێوەی فاکتەری هەرێمی کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەم پەیوەندییانە. سوریا لە دوای ٢٠٠٣ نەیتوانیوە هاوشێوەی ئێران و تورکیا سوود لە پەیوەندییەکانی وەربگرێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەترسییەی کە سوریا لە دوای ٢٠٠٣ هەیبووە لە بوونی ئەمریکای لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بە تایبەت ترس لە ئەگەری دوبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆی عێراق لە سوریا.

## پەراوێزەکان

١. عەبدولحەلیم خەدام لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: ئەسەد پێیوابوو کە " ئاراستەی تایفەگەری لە عێراق ئەنجامی خراپی دەبێت. بەر لەوەی هیچ کارێک بکەین دەبێ ئامانجێکی هەبێت. بایەخدان بە ئۆپۆزیسیۆن، ئەمریکییەکان دەترسێنێت، بەڵام ئەوە پێویستی بە پەیوەندییە لەگەڵ عەشیرەتەکان. ئێستا ئەمریکییەکان پارە و تەلەفۆن بەسەر سەرۆک عەشیرەتەکاندا دابەش دەکەن. نازانم ئەوانە پابەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا دەبەنەسەر، بەڵام ئێستا دڵخۆشن بە پارەکە. پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ عەشیرەتەکاندا چۆنە؟". بروانە بیرەوەریەکانی عەبدولحەلیم خەدام: الشرق الأوسط، مذكرات عبدالحليم خدام: الأسد اقترح إعطاء المعارضة العراقية وعوداً وهمية... وخاتمي حذر من دولة كردية (الحلقة الأولى) ٢٦ أبريل ٢٠٢١ ، العدد [15490 ] .

٢. کارگێری خۆسەری باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا، کە بە "ڕۆژاڤا" ناسراوە هەرێمیکی دیفاکتۆی ئۆتۆنۆمییە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، لە کۆمەڵێک نیمچە هەرێمی سەربەخۆ یان کانتۆنەکانی عەفرین، فوڕات، ڕەقە، تەبقە، مەنجەب و دیر ئەلزور پێکدەهات، بەڵام ئێستا گۆڕان بەسەر سنوری جوگرافیاکەیدا هاتووەو بەرتەسک بۆتەوە.

٣. ڕێکەوتننامەی هەولێر ئەم شەش خاڵەی خوارەوەی دەگرێتەخۆ:

پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای هاوبەش (لیژنەی باڵای کورد)، کە ئەرکی دانانی سیاسەتی گشتی و سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی کوردە لەم قۆناغە گرنگەدا، هەروەها خاوەندارێتیکردنی بنەمای یەکسانی لە پێکهاتەی هەموو لیژنەکان و کۆدەنگی لە پرۆسەی بڕیارداندا.

پێکهێنانی سێ لیژنەی تایبەتمەند بە (کارگێڕی، سەربازی، سیاسی) بۆ بەدواداچوونی کاری مەیدانی.

ڕاگرتنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوولادا بە هەموو شێوەکان.

قەدەغەکردنی توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی هەر کارێک کە دەبێتە هۆی ئالۆزی لە ناوچە کوردییەکان .

ڕازیبوون بەو پەیڕەوەی کە هاوپێچی ڕاگەیاندنی هەولێرە و میکانیزمی کارکردنی تێدایە.

پێکهێنانی ئەو لیژنانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە لە ماوەی دوو هەفتەدا، لە ڕێکەوتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەوە.

ئەم ڕێککەوتنە یەک پاکێجە و ڕێگەپێدراو نییە هیچ کام لە مەرجەکانی کە لەلایەن ئەو دوو حزبەوە پەسەند کراوە، پێشێل بکرێت. بۆ زیاتر لەبارەی پرسی لایەنە کوردییەکانی سوریا بڕوانە:

Kajjo, S., (2020) Prospects for Syrian Kurdish Unity: Assessing Local and Regional Dynamics.

## لستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- جەوهەر، سەرتیپ ( ٢٠٢٠) دیداری شام، بنکەی ڕوناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی.
- مەحموودی مەلا عزەت (١٩٩٩)، بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد. چاپی دووەم، سلێمانی.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ( ١٢٩٨) ٢/٦/ ١٩٩٨ .


### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


- ريناد منصور، ٢٠١٢، دور كردستان العراق في مسعى أكراد سوريا للحكم الذاتي، تقرير مركز الجزيرة للدراسات.
- الشرق الأوسط، مذكرات عبدالحليم خدام: الأسد اقترح إعطاء المعارضة العراقية وعوداً وهمية… وخاتمي حذر من دولة كردية (الحلقة الأولى) ٢٦ أبريل ٢٠٢١، العد [15490 ]


### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزیی


- Abbaszadah, Y., (28 1 2015) KRG’s military help to Kobane from international relations perspective. *Rudaw* <https://www.rudaw.net/english/analysis/27012015>. [Accessed 20/3/2021].
- Aljazeera (17 March 2016) "Syria civil war: Kurds declare federal region in north. Available on

<https://www.aljazeera.com/news/2016/3/17/syria-civil-war-kurds-declare-federal-region-in-north>. [accessed 12/1/2021].

- Allsopp, H. and Van Wilgenburg, W., 2019. *The Kurds of Northern Syria: governance, diversity and conflicts*. Bloomsbury Publishing.
- BBC Monitoring, 17 March 2012. Syria's Kurds undecided over future, available at: <http://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-17357590> [Accessed 2-11-2020].
- Buzan, B. and Waever, O. (2003). *Regions and Powers: The Structure of International Security*. Cambridge: Cambridge University Press.
- Daily News, (October 19 2014). “President Erdoğan says PYD ‘no different than PKK’ for Turkey”. Available online: <https://www.hurriyetdailynews.com/president-erdogan-says-pyd-no-different-than-pkk-for-turkey-73172>. [Accessed in 28/4/2021].
- Ehteshami, A. and Hinnebusch, R.A., 1997. *Syria and Iran: Middle powers in a penetrated regional system*. Routledge.
- Frahm, O., (2007). Northern Iraq and its Neighbors: The regional dimension of the Kurdish question. <https://www.jstor.org/stable/26330773?seq=1#metadata_info_tab_contents>. [accessed 20/4/2021].
- Hasan, H., and Khaddour, K., (2021) The Making of the Kurdish Frontier: Power, Conflict, and Governance in the Iraqi-Syrian Borderlands, *Carnegie Endowment for International Peace.* <https://carnegie-

mec.org/2021/03/30/making-of-kurdish-frontier-power-conflict-and-governance-in-iraqi-syrian-borderlands-pub-84205>. [Accessed 20/6/2021].

- Kajjo, S., (2020). Prospects for Syrian Kurdish Unity: Assessing Local and Regional Dynamics. *The Washington Institute for Near East Policy*. Available online <https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/prospects-syrian-kurdish-unity-assessing-local-and-regional-dynamics>. [Accessed 19/6/2021].

- Kaplan, R.D., 2013. *The revenge of geography: What the map tells us about coming conflicts and the battle against fate*. Random House Trade Paperbacks.

- Keskin, T., 2015. The Impact of the Arab Uprisings on the Kurds. In *Authoritarianism in the Middle East* (pp. 127-149). Palgrave Macmillan, London. Available on <https://link.springer.com/chapter/10.1057/9781137445551_6>. P. 137. [Accessed 20/4/2021].

- Küçükkeleş, M. and Mankoff, J., 2014. *The Kurdish Question and US-Turkish Relations in a Changing Middle East*. Atlantic Council, available on <<https://www.jstor.org/stable/resrep03417?seq=1#metadata_info_tab_contents>>. [Accessed 20/4/2021].

- Paasche, T.F., 2015. Syrian and Iraqi Kurds: conflict and cooperation. *Middle East Policy*, *22*(1), pp.77-88.

- Pollack, K., 2010. Assessing Iraq's future : The path to the March elections and beyond. *The Brooking's Institution*, Washington, D.C, available at:

<http://www.brookings.edu/~/media/events/2010/1/27kurdistan/20100127_kurdistan.pdf> [Accessed 5-11-2015].

- Reuters, (JANUARY 26, 2016) Kurdish PYD leader says not invited to Geneva Syria talks. Available on <https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-syria-kurds-idUSKCN0V428W>. [Accessed 28/4/2021].

- Saeed, Y., (29, 10, 2014) US: Peshmerga deployment in Kobane a step toward ISIS defeat. *Rudaw*, <<https://www.rudaw.net/english/world/281020142>>. [Accessed 20/3/2021].

- Schmidinger, T., 2018. *Rojava: Revolution, War, and the Future of Syria's Kurds*. Pluto Press. P.50.

- Shifrinson, J.R.I., 2006. The Kurds and regional security: An evaluation of developments since the Iraq war. *Crown Center for Middle East Studies. Middle East Brief*, *14*, pp.1-10.,

- Tejel, J., 2009, *Syraina Kurds: History, politics, and society*. Routledge.

- The Wall Street Journal, (31/1/2011) “Interview with Syrian President Bashar al-Assad,” available at: <<http://on.wsj.com/1nHNndt>>. [Accessed 10/4/2021].

- Yildiz, K., (2005). *The Kurds in Syria: the forgotten people*. Pluto Press (UK)., p56.

**Abstract**

Despite the political, geographical, and security relations that links Syria and KRG, Damascus always have had an impact on the Kurdish political movements in other parts of Kurdistan. This research examines the foundation of Syria-KRG relations from 1992 onwards. In order to explore the extent of these relations, Regional Security Complex theory has been adopted which considers the Kurdistan Region as a security threat to Syria. Also the method applied by *Anoushiravan Ehteshami and Raymond A. Hinnebusch* (1997), (Middle Powers in a Penetrated Regional System) is utilized to understand Syria's interventionist behavior in the Kurdistan Region, which considers the Syrian insecure state system as a major drive behind Syrian state behavior.

This study has concluded that the Syria-KRG relations could be classified into three stages. The first stage includes the pre 1992 era, which Syria viewed Iraqi Kurds as a political card against Saddam's Ba'ath regime in Iraq. However, on the second stage (1992-2003) Syria was very careful and skeptical to make political relations with KRG, the relations at this stage were mostly focused on the trade sector. At this stage Syrian regime tried to benefit from Iraqi Kurds economically. While from 2003 onwards Syrian regime saw KRG as a security threat to Kurdish minority in Syria. It can be argued that from 2011 onwards there have been very limited relation with Syrian regime, because of the Syrian crisis which isolated Syrian regime from international community. However, in this stage KRG has focused on relations with the Syrian Kurds (Rojava), which so far is mostly a mere reflection of the KDP-PKK rivalry in the region.

**الملخص**

إلى جانب العلاقات السياسية والأمنية والجغرافية التي تربط سوريا بإقليم كوردستان، كان لدمشق دائماً تأثير على الحركات السياسية الكوردية في جميع أجزاء كوردستان. هذا البحث يحاول الإجابة على السؤال التالي: ماهي الأسس التي قامت عليها العلاقات بين سوريا وإقليم كوردستان بعد عام ١٩٩٢؟

وللإجابة على السؤال المطروح، تبنّى البحث نظرية "مجمع الأمن الإقليمي" التي ينظر بموجبها إلى إقليم كوردستان كتهديد أمني لسوريا. كما اعتمد الباحث على المنهج  المستخدم من قبل كل من (أنوشيرفان احتشامي) و(ريموند أ. هينبوش -١٩٩٧) في فهم السياسة الخارجية لكل من سوريا و إيران (القوى المتوسطة في نظام إقليمي مخترق)، والذي يرى أن سلوك الدولة صادر عن الطبيعة غير الآمنة للنظام الدولي، وخاصة التهديدات الخارجية. خلصت هذه الدراسة إلى أنه يمكن وصف العلاقات بين سوريا وإقليم كردستان بتقسيمها إلى ثلاث مراحل. المرحلة الأولى هي قبل عام ١٩٩٢ ، حيث اعتبرت سوريا كورد العراق ورقة سياسية استخدمتها ضد نظام البعث في العراق بقيادة صدام حسين. المرحلة الثانية بين عاميّ (١٩٩٢-٢٠٠٣) أي بعد تشكيل إقليم كوردستان والبرلمان الكوردي، كانت سوريا حذرة في تعاملها مع إقليم كوردستان وتتجنب إقامة علاقات سياسية مع حكومة الإقليم. وفي هذه المرحلة تركزت العلاقة بين سوريا وإقليم كوردستان في غالبها على العلاقات التجارية، وحاول النظام السوري الاستفادة اقتصادياً من إقليم كوردستان العراق .

المرحلة الثالثة تجسدت في عام ٢٠٠٣ وما بعدها، وفي هذه المرحلة اعتبر النظام السوري حكومة إقليم كوردستان تهديداً أمنياً على الأقلية الكوردية في سوريا. ويمكن القول إنه، منذ عام ٢٠١١ أصبحت العلاقة محدودة للغاية بين إقليم كوردستان والنظام السوري، بسبب الأزمة السورية التي عزلت النظام السوري عن المجتمع الدولي. وفي هذه المرحلة، حوَّلت حكومة إقليم كوردستان مسار علاقاتها بنحو وسَّعت فيه تلك العلاقات مع أكراد سوريا (روژ آفا) ، ومع ذلك؛ بقيت العلاقة القائمة بين الطرفين في الغالب انعكاساً للخلافات والتصادمات

الموجودة بين الحزب الديمقراطي الكوردستاني من جانب وحزب العمال الكوردستاني وأذرعه من جانب آخر.